**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشــت بەو دەســەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (٩) لە یاســای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ و پشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / ژمارە (١٠٧ لە ٢٠٢١/٧/٢٨) کەزاخۆ بوو بە ئیدارەی سەربەخۆ وە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە :-

١-کردنەوەی (تێبینەرایەتی چاودێری ناکامان لە زاخۆ ) .

٢-ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردســـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**فەرست أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم) لەیاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە (٦١)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی ( نەخوشخانەی ئیماراتی ) بۆ نەخۆشانی سوتان و جوانکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هە ولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٤.

**بەیانی ژمارە (٦٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

- کردنەوەی (منفذصـــرف) بۆ دەرمانی بایلۆجی تایبەت بە نەخوشـــی صـــدفية لە هە ریەک لەم نەخۆشخانەی خوارەوە .

( ن. رزگاری فێرکاری لە هەولێر) (ن. ئازادی فێرکاری لە دهۆک) (ن. شهید هێمن فێرکاری لە سلیمانی).

- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٤.

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

- کردنەوەی (هۆبەی بەنکی خوێن ) لە نەخۆشخانەی خوا کورک بۆ لە دایک بوون و ئافرەتان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونییەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/١١.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**